https://www.doi.org/10.31918/twejer.1922.5

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کاردا و پەیوەندی بە جۆری کارەوە/ توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی مەیدانییە لە شاری هەولێر

د. میدیا ابراهیم فتاح
زانکۆی سۆران ـ فەکەڵتیی ئاداب
Media.fatah@soran.edu.iq

م. ی. ئەڤین ابراهیم فتاح
زانکۆی سەلاحەدین ـ فاکەڵتیی ئاداب
avinfatah@gmail.com

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەریی جۆری پیشەی ژنانە لەسەر گێچەڵپێکردنیان  لە شوێنی کاردا، هەروەها کاریگەریی گێچەڵپێکردن لەسەر باری دەروونی ژنان و توانای بەردەوامبوونیان لەکارکردن و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی ئەو گێچەڵپێکردنە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو ئەنجام دراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە ناوەندی شاری هەولێرە و نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (٤) ژن لە چوار پیشەی جیاوازدا.

لە دەرئەنجامەکاندا دەرکەوتووە کە گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کار لە هەندێ کاردا هەیە, جۆری کارەکە تەنیا ڕێژەکەی دەگۆڕێت، هەروەها سەرباری ئەو فشارە دەروونییەی لەسەر ژنان دروست دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا ژنان شێوازیکی تایبەت لە بەرەنگاربوونەوە بۆ پاراستنی  کەسایەتی و کارەکەیان هەڵدەبژێرن, بەشیوەیەک بتوانن لە کارکردندا بەردەوام بن و پارێزگاریش لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بکەن.

**وشە کلیلییەکان:** شوێنی کارکردن، گێچەڵپێکردن، دەستدرێژیی سێکسی، پیاوسالاری، ڕۆڵی جێندەری.

## گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کاردا و پەیوەندی بە جۆری کارەوە/ توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**پێشەکی:**

ئەمڕۆ، گێچەڵکردن بە ژنان دیاردەیەکی بەربڵاوە و ژنان و کچان بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئەم دیاردەیە یەکێکە لە جۆرە باوەکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان و شێوازی جۆراوجۆری هەیە، بە سەیرکردن دەست پێدەکات و بەرەو گێچەڵپێکردنی زارەکی و قسە فڕێدان و ڕەنگە بگاتە دەستدرێژیی سێکسیش.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە، ئافرەتی گێچەڵپێکراو(قوربانی) بە تاوانبار دادەنێن و پێیان وایە کە کردار و هەڵسوکەوتی ژنان و شێوازی مامەڵەکردن و ئاخاوتن لەگەڵ دەوروبەر و جۆر و شوێن و کاتی کارکردنیان لەپاڵ بایەخ بەخۆدان و خۆڕازاندنەوە دەبێتە پاڵنەر بۆ وروژاندنی هەستەکانی بەرانبەر بە شێوەیەک کە پەنا بۆ گێچەڵپێکردن ببات.

چەندین هۆکاری جیاواز بۆ گێچەڵکردن بە ژنان هەن، بەشێکیان پەیوەندی بە باری دەروونیی تاوانبار و بڕوا بەخۆنەبوونەوە هەیە، بەشێکی دیکەیان پەیوەندی بە سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەوە هەیە، بە تایبەت کۆمەڵگە داخراوە نەریتییەکان و شێوازی پەروەردەکردنی ڕەگەزی نێر لەسەر بنەمای کولتووری پیاوسالاری، هەروەها تێڕوانینی ئافرەت وەکو بابەتێکی سێکسیی ڕەها(زیاد،٢٠١٨). بەشێک لە توێژەران پێیان وایە لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، سنوردارکردنی شوێنی کارکردنی ئافرەت بە چەند شوێنێک یان دەزگایەکی دیاریکراو, کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە پەسەند و شیاو دادەنرێت دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنی کارکردن کاریگەریی هەبێت لەسەر ڕێژەی دووچاربوونی ژنان بە گێچەڵپێکردن، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە کاتی کارکردنی تێدا درێژترە، یان سروشتی کارەکە پەیوەندییەکی کراوە دەخوازێت لەنێوان کارمەندەکان و خەڵکیش، هەروەها کەمی هەلی کار و خراپیی باری ئابووری و پەیداکردنی بژێویی ژیان, کە زۆرجار ژنان ناچار دەکات بەردەوام بن لەو کارە، سەرباری ئەوەی ڕووبەڕووی گێچەڵپێکردن دەبنەوە (الشرابي، ٢٠٠٦). بەڵام بەشێکی دیکەی توێژەران پێیان وایە گێچەڵکردن بە ژنان هیچ پەیوەندییەکی بە جۆر و شوێنی کار و شێوازی جلوبەرگ و مامەڵکردنەوە نییە, بەڵکو پەیوەندی بە ڕەگەزی مێینەوە هەیە, کە دەشێ لەهەر شوێنێک بێت و هەر جۆرە کارێکی هەبێت و لەگەڵ جیاوازی پلەوپایە و پێگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت تەمەنیش ڕووبەڕووی گێچەڵپێکردن ببێتەوە(طعمة،٢٠١٨)

ئـەم توێژینەوەیـە تایبەتـە بـە کاریگـەریی شـوێن و جـۆری کـار لەسـەر گێچەڵکردن بە ژنان  لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا شوێنی کارکردن دەبێتە هـۆی بوون یان نەبوونی گێچەڵکردن بە ژنان؟ ئایا شێوازەکانی گێچەڵپێکردن بـەپێی شوێنی کارکردن دەگۆڕێت؟ ئاسەوارە دەروونییەکانی گێچەڵپێکردن لەسەر ژنان چین؟ ئایا ژنان توانیویانە بەرەنگاری گێچەڵپێکردن لە شوێنی کارکردندا ببنەوە؟

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەیەکی زانستی دەستنیشان کردنی ڕاستییەکانە دەربارەی ئەو پرسیارانەی لەسەر بابەتی توێژینـەوە لای تـوێژەر دروست دەبن و گـەڕان بەدوای وەڵامدانەوەیان بە پێی واقیعی ئەو کۆمەڵگەیەی کە توێژینـەوەکەی تیادا ئـەنجام دەدرێت، ئامـانجی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە دیـاریکردنی کاریگـەریی جـۆر و شـوێنی کـارکردنی ژنـان لەسـەر دووچاربوونیـان بـە گێچەڵپێکـردن لە شـوێنی کـاردا و شـێوازی ئـەو گێچەڵـە کـە بـە پێی شـوێنی کارەکـەوە تووشـی دەبنـەوە، و کاریگـەری گێچەڵپێکـردن لەسـەر بـاری دەروونیـی ژنـان و توانـای بەردەوامبوونیان لەکارکردن، و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو گێچەڵپێکردنە.

## چەمکی گێچەڵپێکردن (Harassment)

وشەی گێچەڵپێکردن لە زمانی کوردیدا چەندین مانـای جیاوازی هەیـە، بـە پێی بـەکارهێنانی لـە ڕستەکەدا دەگۆڕێت، بـەڵام لـە زمـانی عەرەبیدا بـە مانـای (تحرش) و لە زمانی ئینگلیزیشدا بەواتای (Harassmen) دێت.

بە پێی تیۆری فیمینیزم گێچەڵپێکردن بریتییە لەو جیاکارییە سێکسـییەی دژ بـە ژنـان ئـەنجام دەدرێـت بـە مەبەسـتی ملکـەچکردنیان و ڕێگـەگرتن لـە بەشداریکردن لـە ژیانی کۆمەڵایـەتی و سـزادانیان بـە هـۆی کێبڕکێکـردن لەگـەڵ پیـاوان بـۆ بەدەسـتهێنانی پلـە و پۆسـتی بـەرزتر (هنـری، ٢٠١٧). گێچەڵپێکـردن کردارێکی سێکسیی مەبەستدارە لەلایـەن کەسـی گێچـەڵکارەوە و دەبێتـە مایـەی نیگەرانی گێچەڵپێکراو(ژن) و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی و ئاکاری, ئەمەش ڕەنگە لە شوێنە گشتییەکان یان شوێنی کار یان لە ناوماڵ لەلایەن کـەس و کـار

و خزمـەوە ئـەنجام بدرێت.(حسـن،٢٠١٧، ٥). تێبینـی دەکرێـت گێچـەڵپێکردن لـە هەموو بارێکدا ڕەهەندێکی سێکسیی لەگەڵدایە (جا بگاتە ڕادەی دەستدرێژیکردن یاخود نا)، لەلایەکی دیکەوە دووپاتکردنەوەی کولتووری جێندەری کۆمەڵگەکەیە, کە ژن هەمیشە دەبێت پاشکۆی پیاو بێت، و گێچەڵپێکردنیش وەکو سزایەکی کۆمەڵایەتییە لەبەرانبەر ئەو هەوڵانەی کە ژنان دەیدەن بۆ یەکسانبوون لەگەڵ پیاوان و گەیشتن بەو پلە و پایە و شوێن و پێگەیەی کە پێشتر و بە شـیوەیەکی پراکتیکـی لەلایەن پیاوانـەوە قـۆرخ کرابـوون و لـە ڕووی کۆمەلایەتیشـەوە ئـەم قۆرخکردنە پەسەندکراوە و بۆتە نـەریتێکی کۆمەلایـەتی کـە پێشـێلکردنی ئاسـان نییە و سزای کۆمەلایەتی خۆی بەدواوەیە.

لێرەدا مەبەست لە چەمکی گێچەڵپێکردن هـەر جۆرە کردارێکە کە لەلایەن پیاوەوە بەرانبەر بە ژن ئەنجام بدرێت بە بێ ڕەزامەندی ژنەکە، بە شێوەیەک کە ببێتە مایەی ئازاردانی دەروونی یاخود جەستەیی و ڕێگر بێت لەبـەردەم کـار و چـالاکیی ژنـان و ئاسـتی بەشـداریکردنیان و سـنووردارکردنی ئازادییـەکانیان بەمەبەستی بێڕێزیکردن و ملکەچکردنیان بۆ ویست و ئارەزووەکانی پیاوان و چێژوەرگرتن لە چەوساندنەوەی ژنان بەتایبـەت ئەوانـەی کـە هـەوڵی شـکاندنی داب و نەریتە کۆمەلایەتییەکان دەدەن.

## شێوازەکانی گێچەڵپێکردن

گێچەڵکردن بە ژنان چەندین شێوازی جیاوازی هەیە، بە پێی ئامانجی ئـەو کەسە لە گێچەڵپێکردن و مەودای ئەو هەلەی کە بۆیدەڕەخسێت بۆ گێچەڵپێکردن و کاردانـەوەی کردارەکـە لەسـەر لایـەنی بەرانبـەر(ژن) و وەلامدانـەوەی یـاخود بێدەنگبوونی دەگۆڕێت. ئەم دیاردەیە بـە کۆمەڵگەیـەکی دیاریکراوەوە پەیوەسـت نییە، بەڵکو لە تێکرای کۆمەڵگەکان ڕوودەدات بەبێ جیاوازی، ڕەنگە جیاوازییەکە لـە ڕووی یاسـاییەوە بێـت, کـە لـە کۆمەڵگـە پێشـکەوتووەکاندا یاسـا تاڕادەیـەکی بەرچـاو ڕۆڵـی خـۆی دەگێڕێـت لـە ڕێگریکـردن لـەم دیاردەیـە و پشـتگیری قوربانییەکـە دەکـات، هـەروەها کاردانـەوەی ژنـان جیـاوازە، بـەلام لـە کۆمەڵگـە داخراوە نەریتییەکاندا یاسـا ڕۆڵێکی ئـەوتۆی نییە لـە مەسـەلەی گێچەڵکردن بـە

ژنـان و لـە زۆرینـەی حاڵەتەکانـدا بێدەنگی دەبێتـە باشـترین و بێ کێشـەترین کاردانەوە بەرانبەر گێچەڵپێکردن لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، ئەمـەش هۆکـارێکی گرنگــە بــۆ مانــەوە و بــەردەوامیی دیاردەکــە. شــێوازەکانی گێچەڵپێکــردن جۆراوجۆرن و لەگەڵ گۆڕانی سـەردەم دەگۆڕێن، بۆیـە دەکرێت لێرەدا تـەنها ئاماژە بە شێوازە سـەرەکییەکانی بدەین کە هەریـەکێکیان چەند شـێوازی دیکە لەخۆدەگرێت:-

**گێچەڵپێکردنی مەعنەوی:** تێکڕای ئەو شێوازانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی زارەکـی و نـازارەکی ئـەنجام دەدرێـت، وەکـو تانـە لێدان(تـەعلیق)، قسـەکردن و بەکارهێنانی وشەی نەشیاو یاخود سێکسی، ئاماژەکردن بە دەموچاو و دەسـت و ئیشارەکردن بە شێوەیەک کە پێچەوانەی ویستی کەسی گێچەڵپێکراو بێت.

**١- گێچەڵپێکردنی ماددی:** وەکو دەسـتلێدان و خۆخشـاندن بـە ئەنقەسـت و بەبێ ویستی بەرانبەر و هەوڵدان بۆ دەستدرێژیکردن و ڕەنگە هەندێ جار بگاتە دەستدرێژیی سێکسیش(صولی،٢٠١٨).

گێچـەڵکردن بـە ژنـان بەشـێکیان مەعنەویـە، واتـە بـە قسـە و زار و هێمـا و جووڵـە و سـیماکانی دەمووچـاو و ئامـاژەکردن گوزارشـتی لێـدەکرێت، بـەڵام گێچەڵکردنی ماددی واتە دەستلێدان و خۆخشاندن و ئازاردانی بەرانبـەر بـە بێ ویسـتی ئـەو. هەنـدێ جـار ئـەو کەسـەی کـە گێچـەڵ دەکـات مـەرج نییە پلانـی پێشوەختەی هەبێت بۆ ئـەم کردارە و ڕەنگـە هـەلێکی بۆ بڕەخسێ لـە ئەنجامدا کرداری گێچەڵپێکـردن ئـەنجام بـدات، لەهـەمان کاتیشـدا ڕەنگـە گێچەڵپێکردنەکـە پێشتر پلانی بۆ داڕێژرابێت بۆ چۆنیەتیی ئەنجامدانی, بەڵام مەرج نییە ئـەو پلانـە بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام بدرێت, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخ و شوێن و کات و کاردانەوەی گێچەڵپێکراوەکە. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوەبدرێت هـەر جۆرە گێچەڵپێکردنێک بێت مـاددی یـان مەعنـەوی ئـەوا پاڵنـەرێکی سێکسـی بـەهێزی لەدواوەیە کە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ئەو گێچەڵپێکردنە.

## هۆکارەکانی گێچەڵکردن بە ژنان

گێچەڵکردن بە ژنان وەکو هەر دیاردەیەکی دیکە کۆمەڵێک هۆکاری هەیە کە دەبنە پاڵنەر بۆی، بەشێک لەو هۆکارانە خودین و پەیوەندییان بە کەسایەتی کەسی گێچەڵکار و باری دەروونییەوە هەیە، بەشێکی دیکەیان بابەتین و پەیوەندییان بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە بە تایبەت لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا, کە خاوەن کولتوورێکی نەریتین دەربارەی بوونی ژن و ڕۆڵ و ئەرک و ماف و پێگەی، کە بە پلەیەکی نزمتر لە پیاوان دادەنرێت. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، بە هۆی سەپاندنی ڕووپۆش بەسەر ژناندا و جیاکردنەوەی کوڕ و کچ لە منداڵییەوە و لە قۆناغەکانی خوێندندا، دەبێتە هۆی کپکردنی کۆمەڵێک هەست و ڕەمەک لای هەردوو ڕەگەز و لەئەنجامدا دەبێتە هۆی چەپاندنی سێکسی، ئەمەش جۆرێک لە تامەزرۆیی یان برسێتی و خۆخواردن دروست دەکات بە تایبەت لای پیاوان و دواتر بە شێوازی جۆراوجۆر گوزارشتی لێدەکەن، بەتایبەت بەرانبەر ژنان(الوردی، ٢٠٠٥، ل٣٣٣). لێرەدا گێچەڵکردن بە ژنان دەبێتە دیارترین شێواز کە گوزارشتکردنە لەو تامەزرۆییە کە پیاوان لە کۆمەڵگەی نەریتی و داخراودا لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا ئەنجامی دەدەن(الوردی،٢٠٠٦، ل١٧٥). سەربار ی ئەوەی کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز هەیە بۆ گێچەڵکردن بە ژنان کە ڕەنگە سەخت بێت هەموویان دەستنیشان بکەین، بەڵام دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی دەرونناسییەوە گێچەڵپێکردن توندوتیژیەکی کۆمەڵایەتییە بەرانبەر بە ڕەگەزی مێینە وەک ڕەگەزی لاواز لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا، کە لە ڕێگەی هۆیەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها یاسا و ڕێساکان، لاوازی و بێدەسەڵاتیی مێینە زیاتر دووپات دەکاتەوە، لە ئەنجامدا دەبێتە بوونەوەرێکی لاواز کە زۆر ئاسانە گێچەڵی پێبکرێت و دەستدرێژیی بکرێتە سەر(السیسی، ٢٠١٤).

## تایبەتمەندیی گێچەڵکردن بە ژنان لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا

گێچەڵکردن بە ژنان هەر لە کۆنەوە، لە هەموو کۆمەڵگەیەک بە کۆمەڵگەی نەریتی و ڕۆژهەڵاتیشەوە هەبووە، هەرچەندە شێوازەکانی گۆڕانکاریی بەسەر

هاتووه و له شیوازه نەریتییەکەی دەرچووه، بەڵام مەبەست و ئامانج و پاڵنەر هەر وەک خۆیەتی، ئەویش کولتووری پیاوسالارییە کە سزای ژنان دەدات, چونکە دەیانەوێت کەسایەتیی سەربەخۆیان هەبێت, ئەمەش لە ڕێگای بەرداوامیدان بە خوێندن و کارکردن و بەدەستهێنانی ئابووریی سەربەخۆ کە یەکەم هەنگاوە بۆ سەربەخۆیی ژنان.

له کۆمەڵگەی نەریتیدا، مەسەلەی گێچەڵکردن بە ژنان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئافرەتی گێچەڵپێکراو هەمیشە لە ژێر پرسیاردایە و خودی خۆی تاوانبارە و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە باشتر وایە بێدەنگ بێت بەرانبەر هەر جۆرە گێچەڵپێکردنێک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لێرەدا بێدەنگی ژنان و کچان بەرانبەر بە گێچەڵپێکردن دەبێتە کولتوور، و ئەوانەی بێدەنگ دەبن بەرانبەر ئەو گێچەڵەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە ئەدەب و حورمەتترن و زیاتر شەرەفی خۆیان لە لەکەداربوون دەپارێزن، لە بەرانبەردا ئەوانەی کە بێدەنگ نابن و وەڵام دەدەنەوە، بە چەندین تانە و تەشەر وەسف دەکرێن(منصور، ٢٠١٥) ئەم بێدەنگییەش ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە هاندانی پیاوان و بوێری زیاتریان پێ دەبەخشێت و دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ گێچەڵپێکردن، ئەگەر هات و ئافرەتەکەش بێدەنگ نەبوو و وەڵامی دایەوە، ئەوکات هەر خۆی خەتابارە و تاوانبارە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەستی پیاوەکەی وروژاندووە، ئەمەش دیسان دەمانباتەوە خاڵی سەرەتا، کە ژن هەڵەی خۆیەتی کە تووشی گێچەڵپێکردن دەبێت و پێویستە زیاتر خۆی بپارێزێت(المعموری، ٢٠١٣). لە بەرانبەردا، تاوانبار یان گێچەڵکار هەرگیز وەکو تاوانبار سەیر ناکرێت، بەڵکو هەمیشە پاساو دەدۆزرێتەوە بۆ ئەم کردارەی بە شێوەیەک کە زیاتر ئافرەتەکە تاوانبار بکرێت، بەڵام مەسەلەکە لێرە کۆتایی نایەت، بەڵکو خودی تاوانبارەکە ئامادە نییە هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکدا بکات کە گێچەڵپێپێکراوە و ئاشکرای کردووە و داوای مافی خۆی کردووە(سامی، ٢٠١٥). ئەم ناهاوسەنگی و دووفاقییە لە شیکردنەوەی کردارێک کە بەرانبەر ژنان دەکرێت بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە کۆمەڵایەتییەی کە لەسەر بنەمای نایەکسانیی جێندەری و دابەشکردنی ڕۆڵە جێندەرییەکان بۆ هەردوو ڕەگەز دەکرێت، بۆیە

پێویستە هەر ڕەگەزێک بە پێی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی کردار بنوێنێ و لە چوارچێوەی پێشبینی کۆمەڵایەتی دەرنەچێت. (جیدنز، ٢٠٠٥، ١٨٨) ڕۆڵی جێندەری بەمشێوەیە دابەشکردووە: لەلایەکەوە کوڕان بە سەربەرزی و شانازییەوە باس لەو کردارەی خۆیان دەکەن و ڕەنگە دەوروبەریش پشتیوانییان لێبکات, چونکە ئەوان ڕەگەزی بەهێزن لە ڕووی جێندەرییەوە، لەلایەکی دیکەوە کچان فێری ئەوە دەکرێن کە ئەوان ڕەگەزی لاوازن و پێویستە لەسەریان ئەو کردارە قبوڵ بکەن و بێدەنگ بن.

## گێچەڵپێکردن لە شوێنی کاردا

هاوکات لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەکان و زۆربوونی فشار لەسەر خێزان بە هۆی زۆربوونی پێداویستییەکانی تاک و هەوڵدان بۆ دابینکردنی، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، کارکردنی ژنان تاڕادەیەک بۆتە پێویستییەک کە خۆی بەسەر خێزان و کۆمەڵگەدا سەپاندووە. لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکان کارکردنی ژنان بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییە دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنی کۆمەڵێک کار کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ژنان بە شیاو و پەسەند دادەنرێن، لێرەدا ئەگەر ژن ناچار نەبێت بۆ کارکردن، ئەو کارانە ناکات کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند نین, چونکە ئەمە دەبێتە دەروازەیەک بۆ چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی کە گێچەڵپێکردن دیارترینیانە.

ناکرێت گێچەڵکردن بە ژنان بە شوێنێکی دیاریکراو ببەسترێتەوە، چونکە بە پێی داتاکان لە شوێنی جیاواز(گشتی و تایبەت)دا ئەنجام دەدرێت. ڕەنگە لەناو ماڵ بێت یاخود لەسەر شەقام یاخود لە بازاڕ و شوێنی کارکردن، هەروەها لە کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و سۆشیاڵ میدیا. بەشێک لەو گێچەڵانە ڕەنگە بە ڕێکەوت و بۆ یەکجار بێت و ئیتر قوربانییەکە جارێکی دیکە گێچەڵکارەکە نەبینێتەوە, چونکە پێشتر هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نەبووە، هەرچی گێچەڵپێکردنی شوێنی کارکردنە، جیاوازییەکەی لەوەدایە گێچەڵکارەکە قوربانییەکە دەناسێت و ڕەنگە زانیاریشی لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو کەسە

هەبێت و زیاتر لە جارێک هەوڵی داوە گێچەڵی پێبکات. ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان گێچەڵکار و گێچەڵپێکراوە ڕەنگە ئاراستەی بابەتەکان بگۆڕێت و شێوازی گێچەڵپێکردنەکە بباتە قاڵبێکی دیکەوە، چونکە قوربانییەکە دەکەوێتە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەختەوە، یان دەبێت کارەکەی بەجێبهێڵێ، یان زۆرجار بەناچاری لە کارکردن بەردەوام دەبێت بە تایبەتی ئەگەر ئەرکی بەخێوکردنی خێزانی لەئەستۆ بێت و بخرێتە ژێر فشاری لەکارلابردنەوە(القاصي, ٢٠١٨).

گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کاردا دیاردەیە لە کوردستاندا، تایبەتمەندی ئەم دیاردەیە لەوەدایە کە ژنان سەرباری ئەو فشارە پیشەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کە گێچەڵپێکردن لەسەریان دروستی دەکات، زۆرجار بێدەنگی هەڵدەبژێرن و باسی مەسەلەکە ناکەن، چونکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان سزا دەدرێن و ڕەنگە بێبەش بن لەکارکردن و بەشداریکردن لە ئاسۆی گشتی کۆمەڵگەدا(زیباری، ٢٠١٠).

## میتۆدی توێژینەوە

## میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative method)

هەڵبژاردنی جۆری میتۆدی توێژینەوە بە پێی بابەت و ئامانجی توێژینەوە دەبێت، هەروەها دەکرێت لە توێژینەوەیەکدا یەک میتۆد یاخود زیاتر بەکاربێت بە پێی بارودۆخ و ئامانجی توێژینەوەکە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە. ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی قوڵ لە بابەتی توێژینەوەکە دەکۆڵێتەوە بە مەبەستی تێگەیشتن و دیاری کردنی هۆکار و ئاسەواری دیاردەکە هەروەها شرۆڤەکردنی، ئەمەش لەسەر بنەمای ڕاوبۆچوونی ئەندامانی نموونەکەدایە(شوانی، ٢٠١٥: ١٣١). تایبەتمەندیی ئەم میتۆدە لەوەدایە کە کار لەگەڵ وشە و هزر دەکات بە پێچەوانەی میتۆدی چەندێتی کە کار لەگەڵ ژمارە دەکات، هەروەها داتای بەدەست هاتوو لە ڕێگەی ئەم میتۆدە زیاتر وەسفین، بەو واتایەی پشت بە وەسفکردنی دیاردەکان دەبەستێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەوە، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوە لە ڕێگەی ئەم میتۆدە پێویستی بە

گریمانــە نیــیە, چونکــە داتاکــان بــۆ ســەلماندن یــان ڕەتکردنــەوەی گریمانــە بەکارناهێندرێت، هەروەها ئەم میتۆدە پتر پشت بە ئامرازەکانی وەک تێبینیکردن و چاوپێکەوتن دەبەستێت(ملحم،٢٠٠٢: ٤١). بەڵام یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی قەبارەی نموونەی توێژینەوە کەمترە بە بەراوورد لەگەڵ میتۆدی چەندایەتی.

## کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

لـە کـاتی دیـاریکردنی کۆمەڵگـەی توێژینـەوەدا، ئەگـەر هـات و قەبارەکـەی گەورە بوو، دەکرێت بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەک نموونە وەربگرین، لێرەدا گرنگە هەوڵ بدرێت نموونەی توێژینەوەکە توانای نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی توێژینـەوەی هـەبێت. کۆمەڵگـەی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە ناوەنـدی شـاری هەولێر، نموونەی توێژینەوەش لە جۆری مەبەستدارە، لە چوار ژن پێکهاتووە کە خاوەنی پیشـەی جیاوازن بـەم شـێوەیە (ڕۆژنامـەنووس، چـالاکوان لـە ڕێکخـراو، ئەندامی حیزبی سیاسی و پەرستار). جیاوازیی ئەم نموونەیە لەگەڵ نموونەکانی دیکە لـە توێژینـەوەی چۆنایەتیدا ئەوەیـە, کـە پشـت بـە ئـەزموونی تاکە کەسـی لێتـوێژراو دەبەســتێت کە بــە ئامــانجی خوێندنەوەیــەکی قــوڵتر بــۆ دیاردەکــە بەکاردێت، نەک بۆ گشتاندنی ئەنجامـەکان بەسـەر کۆمەڵگـەی توێژینـەوە(زیتون، ٢٠٠٦، ل٥٥).

## کۆکردنەوەی داتاکان

بە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی داتـا لەسـەر دیـاردەی گێچەڵکـردن بـە ژنـان لـە شـوێنی کارکردنـدا و دیـاریکردنی کاریگـەریی جـۆر و شـوێنی کـارکردنی ژنـان لەسەر دووچاربوونیان بە گێچەڵپێکردن و شێوازی ئەو گێچەڵپێکردنە، پشـت بـە چاوپێکەوتن بەستراوە. چاوپێکەوتن بریتییە لە ئاخاوتنێکی ڕاستەوخۆ لـە نێوان توێژەر و لێتوێژراو بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی زانیـاریی گرنـگ لەسـەر بابـەتی توێژینەوەکـــە و دەستنیشـــانکردن و ئاراســـتەکـــردن و دواتـــر چارەسـەرکردن.(عبدالمؤمن، ٢٠٠٨: ٢٤٧). چاوپێکـەوتن چەنـد جۆرێکـە، جـۆری

چاوپێکەوتنی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەدا بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە. چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە واتە دیاریکردنی ژمارەیەک پرسیار سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە، لە هەمان کاتدا توێژەر ئازاد دەبێت لە ئاراستەکردنی پرسیاری دیکەش کە بە باش و گونجاوی دەزانێت، بەو مەرجەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەبێت.(عمر، ٢٠١١: ٢٧٢)، ئەمەش بەمەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتەکە، بەڵام پێویستە توێژەر وریا بێت و لێتوێژراو ئاگادار بکاتەوە لەکاتی دەرچوون لە بابەتی سەرکیی توێژینەوەکە و کۆنترۆڵی چاوپێکەوتنەکە بکات(بو ضرغم، ٢٠٠٠: ٧٣).

## ئەنجام و گفتوگۆی توێژینەوە

## تەوەری یەکەم/ کاریگەریی شوێن و جۆری کارکردنی ژنان لەسەر دووچاربوونیان بە گێچەڵپێکردن لە شوێنی کاردا

شوێنی کارکردن ژینگەیەکی لەبارە نەک تەنها بۆ بەرهەمهێنان، بەڵکو بۆ گێچەڵکردن بە ژنان، لێرەدا مەبەست لە ژنان هەموو مێینەیەک لەگەڵ جیاوازی تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری و شێوازی جلوبەرگ و جوانی و ڕێکی لەش و لار، کەواتە هەموو مێینەیەک دەشێ دووچاری گێچەڵپێکردن ببێتەوە(خیری، ٢٠١٦). گێچەڵکردن بە ژنان بە پێی شوێنی کار دەگۆڕێت، بە شێوەیەک کە هەندێ کار هەیە زیاتر ئەگەری گێچەڵپێکردنی تێدا دەبێت، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ سروشتی شوێنی ئەو کارە کە جۆرێک لە تێکەڵی دەخوازێت، پیاوان زیاتر جەخت دەکەنە سەر لایەنی مێینەیی ژنان و تواناکانی ژنان لە کارکردندا پشتگوێ دەخەن، ئەمەش گێچەڵپێکردن دەکاتە یەکێک لە شێوازەکانی جیاکاریی جێندەریی دژ بە ژنان(الرفاعي، ٢٠١٤). واتە پیاوان بە ڕۆڵی جێندەریی خۆیان ئەو مافە بە خۆیان دەدەن و گێچەڵ بە ژنان دەکەن. لەمبارەیەوە نموونەی یەکەم دەڵێ ***(( من لە شوێنی جیاجیا کارم کردووە، لە هەموو شوێنێک گێچڵکردن هەیە تەنیا ڕێژەکەی جیاوازە، بۆ نموونە لەو شوێنانەی پێیان دەڵێن نێوەندی ڕۆشنبیری وەکو ڕاگەیاندن و***

***ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنــی لەبەر ئەوەی ژینگەی کـارکردن جگە لە تێکـێەڵاوی جـۆرێکی دیکەی کراوەیـی تێـدایە وەکـو سـەفەر و کـارکردن لە دەرەوەی ئۆفیس و بۆ ماوەی درێژ وەکو مانەوەی شەوان لەشاری دیکە و لە هوتێل و سەردانی ماڵی خەڵک و گۆڕەپانی جەنگ و بازاڕ و کەمپ و هەموو شوێنێک. دوورکەوتنەوەی ژنان لە ماڵەوە و بەتەنیا وەکو نێچیرێکی ئاسان لە هەردوو باردا دەیانهێنێتە بەرچـاو ، واتە ئەگەر ژنەکە تەمەنــی گەنـج بێت و شارەزایی کەم بێت ئەوا کەمی شارەزایی بەکار دەهێنن و بەرامبەر بۆ فێرکردنی گێچەڵی پێ دەکەن، ئەگەریش شارەزا و بە ئەزموون بێت ئەوا، بەناوی ئەوەی شـارەزایی هەیە و (کـراوەیە) ئەوا هەوڵ دەدەن کـراوەییەکەی بکەن بە خـاڵی دەسپێک بۆ ئەوەی گێچەڵی پێبکەن، وشەی (کراوە) بەمانای ئەوە بەکاردێت کە ئەو ژنە ئامادەیی بۆ گێچێڵکردن تێدایە یان خۆی ئارەزووی بۆ بابەتەکە هەیە)).***

گێچەڵکردن بە ژنان لە هەموو شوێنیکی کارکردن بوونی هەیە، بەڵام  بە پێی جیاوازی سروشتی ژینگەی کارەکە ڕێژەکەی دەگۆڕێت، واتا ئەو شـوێنانەی کە سروشتی کارەکە جۆرە کراوەییەک دەخوازێت لە نێوان کارمەندەکان وەک ئـەو کارانـەی کـە سـەردان و گـەڕان و سـەفەر و مانـەوەی دەوێـت، ئەوانـە زیـاتر گێچەڵپێکردنی تێدا دەبێت. یاخود ئـەو شـوێنانەی کە پێیان دەگوترێت ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕێکخراو و دەزگای ڕاگەیاندن، لە لایەکی دیکەوە کراوەیی ژن لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە یـاخود ئـەو جـۆرە کەسـایەتییانەی کـە بـە کۆمەڵایـەتی ناودەبرێن دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی زیاتر گێچەڵی پێبکرێت، چونکە پێیان وایە کـە ئـەو جـۆرە ژنانـە ئامـادەن بـۆ قبـوڵکردنی گێچـەڵ یـان لـە بنـەمادا خۆیـان ئارەزووی ئەوە دەکەن بۆیە کراوەن. ئەم نموونەیە باسی ڕاگەیاندن دەکات، ئەم پیشەیەش خۆی لەخۆیدا بۆ ژنان تا ڕادەیەک تازەیە و بەڕێژەیی پیاو قۆرخی کردووە, بۆیە ڕۆڵی جێندەری پیاو و ژن بەزەقی دەردەکەوێت، یەکەمیان بەهێز و دەسەڵاتدار و دووەمیان لاواز و پاشکۆ، هەر بۆیە گێچێڵپێکردن لەو شوێنەدا بەدی دەکرێت. نموونەی دوومیش دەڵێ ***((زۆرجار لە شـوێنی کـاردا گێچەڵـم پێکـراوە و پـێم نەزانیـوە چـونکە ئەو کـاتە ئەزمـوونم کەم بـووە و دواتـر تێگەیشـتووم، یەکەم کـارم لە پێشـوازی ڕێکخراوێکـی نێـودەوڵەتی بـوو لە***

***بیستەکانی تەمەن بووم، لەگەڵ پاسەوانەکان دادەنیشتم ژنانم دەپشکنی، هەموو ڕۆژێک بەرپرسە ئیدارییەکەم کە پیاوێکی دەوری چلەکانی تەمەن بوو بانگی دەکردم بۆ ژوورەکەی خۆی و قسەی وای بۆ دەکردم: ئەمە کاری تۆ نییە و حەیفە بەکالۆریۆست هەیە و زمانزانیت و نابێ تۆ ئەم کارە بکەیت، وردە وردە دەچووە ناو بابەتی شەخسییەوە، ئەوکات شەرمم ئەکرد و ئەترسام لەکار لابرێم بۆیە گوێم بۆی شل ئەکرد، بەڵام ئێستا دەزانم ئەوە گێچەڵپێکردن بووە...))***. گێچەڵپێکردن لە شوێنی کاردا پەیوەندیی بە هۆشیاری ژنانەوە هەیە تاکو پەی پێ ببەن، ڕەنگە ژنان دووچاری گێچەڵپێکردن ببنەوە بەڵام هۆشیاریی پێویستیان نەبێت کە ئەو کردارەی بەرانبەریان کراوە دەچێتە خانەی گێچەڵپێکردنەوە، یاخود کەسی گێچەڵکار ڕاستەوخۆ گێچەڵ نەکات بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژنەکە دەدوێنێ و کەم کەم دەچێتە ناو بابەتی گێچەڵپێکردنەوە. لێرەدا ناهۆشیاریی ژن وادەکات کە ئەو کەسە لە گێچەڵپێکردن بەردەوام بێت، یاخود بابەتەکەی بە لاوە ئاساییە بۆیە بێ دەنگە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە زۆرجار ناتوانین بە تەواوی  تێکڕای ئەو کردارانە دیاری بکەین کە دەچنە خانەی گێچەڵپێکردنەوە، بە تایبەتیش ئەگەر ئەزموونی پیشەیی و کۆمەڵایەتیی ژنان کەم بێت، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی هۆشیاری و دواتر ئەزموون و تێگەیشتنیش لەو کردارانە کە گێچەڵپێکردنە، مەسەلەکە بە تەواوی دەگۆڕێت و ژن بە هەرشێوەیەک بێت کاردانەوەی تایبەتی خۆی لە بەرانبەردا دەبێت. نموونەی سێیەم دەڵێ ***((من پەرستارم و ماوەیەکی زۆرە ئەم کارە دەکەم و چەندین جار تووشی گێچەڵپێکردن بوومەتەوە، بەتایبەت لە سەرەتای کارکردنم چونکە ئەوکات زەواجم نەکردبوو، گەنجتر بووم و ئەزموونم زۆر کەمتر بوو لەو کارە و نەمدەزانی چ بکەم ... بەشێک لە گێچەڵەکان بە قسەکردن دەستی پێدەکرد و کۆتایی پێ دەهات... بەڵام جاری واهەبووە بەردەوام بووە و گەیشتوەتە دەستدرێژی و پریان دەدامێ...))***. مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکانێکی جیاواز لە ڕووی ڕۆشنبیری و کولتوورییەوە لە چوارچێوەی کارکردندا لەگەڵ نەبوونی ئەزموون و شارەزایی بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو مامەڵەیە، ڕەنگە ببێتە سەرچاوە بۆ گێچەڵپێکردن، لێرەدا لە پاڵ فاکتەری تەمەن و کەمی

شارەزایی، فاکتەری هاوسەرگیریش دەردەکەوێت، واتە بابەتی هاوسەرگیری وەکو جۆرێک لە پاراستن بۆ ژنی خاوەن هاوسەر دێتە بەرچاو و کەمتر گێچەڵی پێ دەکرێت. هەروەها ئەزموون و شارەزایی و هۆشیاری دەربارەی سروشتی کارەکە و جۆری پەیوەندیی نێوان کارمەندەکان لە لایەک و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ موراجع لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵی هەیە لە چەندێتی دووچاربوون بە گێچەڵپێکردن، گێچەڵپێکردنەکە بە جۆری (مەعنەوی) و قسەی سادە دەستپێدەکات و ڕەنگە بگاتە دەستدرێژیکردن، بەڵام هەرچەندە شارەزایی و ئەزموونی ژنان زیاتر بێت لە چۆنیەتیی وڵامدانەوە و بەرەنگاربوونەوە، گێچەڵپێکردن کەمتر قبوڵ دەکرێت، تەنانەت سنووردار دەبێت و لە چوارچێوەی قسە دەرناچێت. نموونەی چوارەم دەڵێ: ***((من پێشتر لە ڕاگەیاندن کارم دەکرد، بەڕاستی زۆر زۆر حاڵەتی گێچەڵپێکردنی تێدایە بە هەموو جۆرەکانی من ڕۆژانە دەمبینی و بەسەر خۆم و هاوپیشەکانیشم دەهات، ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە زۆر بەڕاشکاوی هەردوو جۆرە گێچەڵەکەم پێکراوە وەک داوای سێکس و دەرچوون و ڕابواردن تەنانەت پارەشیان عەرز کرووە، بەڵام ئەوەی زیاتر بووە گێچەڵی مەعنەوییە کە من ناوی دەنێم گێچەڵی مۆدێرن وەک قسە و ئاماژە و بە باسکردنی بابەتی سێکسی. ئەم جۆرە گێچەڵپێکردنە زیاتر لە نێوەندی بەناو ڕۆشنبیریدا هەیە، هەر بەو هۆیەوە بوو وازم لە کاری ڕاگەیاندن هێناو کارەکەم بۆ فەرمانبەری حکومەت گواستەوە، بەڵام تووشی هەمان شێوەی گێچەڵ لە نێوەندی حیزبی بوومەوە چونکە من چالاکوانی حیزبیشم، بۆ نموونە جاری واهەبووە لەبەردەمی من وەسفی جوانی و لەشولاری ژنی دیکە ئەکات یان کە داوای شتێک دەکەیت بەشێوەیەک وەڵامت دەداتەوە گێچەڵی پێوەیە (ئەی چۆن ئەو کارە ناکەم کچێکی وا جوان و هاتوویت بۆ لام) یان نوکتەیەکی سێکسی لەبەردەمی تۆ باس ئەکات، ئەم جۆرە گێچەڵپێکردنە ناڕاستەوخۆیە، ئەگەر قسە بکەیت پێت دەڵێن دواکەوتوو ئەگەریش نەیکەیت کەواتە گێچەڵەکەت لا قبوڵە و زیاتر دەبێت لەبەرئەوەی وەها تۆمارکراوە کە تۆ پێت خۆشە...))***. زۆری و چڕی و جۆراوجۆریی گێچەڵکردن بە ژنان لە شوێنی کار و شوێنی دیکەش وای لە ژنان کردووە هەڵوەستەی لەسەر بکەن، بیری

لێبکەنەوە و تەنانەت پۆلێنیشی بکەن. ئەوان هۆکاری سەرەکیی گرفتەکە بۆ لاوازیی پێگەی ژنان و ڕۆڵی جێندەریدان لە کۆمەڵگەی باوکسالاری دەگەڕێننەوە، کە ژن هەمیشە وەکو جەستەی بێئەقڵ و دەروونی بەتاڵ و نێچیری سانا بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی پیاو دێتە بەرچاو. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ دووفاقیی پیاوانی کۆمەڵگە، کە کەسیان ئامادە نین گێچەڵ بە خێزانی خۆیان بکرێت، کەچی هەندێکیان ئامادەن گێچەڵ بە ژنی خەڵک بکەن. لێرەوە دەبینین گێچەڵپێکردن نە بە تەمەنە و نە بە پیشەیە و نە بە شێوازی پۆشینی جلوبەرگە، چونکە لە ناو نموونەکانمان ژنی موحەجەبە و سفووریش چیرۆکەکانیان لەیەکەوە نزیکن.

بەپێی جیاوازی شوێنی کارکردنی ژنان مەسەلەی گێچەڵپێکردن بەتەواوی دەگۆڕێت، لەنێوەندی ڕۆشنبیری و ڕێکخراو و نێوەندی حیزبی و ڕاگەیاندندا زۆر زیاتر و چڕترە بە بەراوردکردن لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی وەک قوتابخانە و فەرمانگەکان، چونکە سروشتی کارکردن لەو شوێنانە وا دەکات کە بەشداری لە بۆنە و مەراسیمی جیاواز لە کاتی جیاوازدا بکەن, ئەمەش دەبێتە ژینگەیەکی لەبار بۆ گێچەڵپێکردن بە هەموو شێوازەکانییەوە، بە تایبەتیش ئەگەر ژن خاوەن کەسایەتییەکی کراوە بێت و سنووری هزری باوی کۆمەڵگەی لە ڕۆڵی جێندەریی خۆی تا ڕادەیەک شکاندبێت، لایەنی بەرانبەر لە هەموو بارێکدا ئەو کردارە ئەنجام دەدات، لێرەدا ڕادەی ڕۆشنبیریی ژنان ڕۆڵی لە بەردەوامیدان یاخود ڕێگەگرتن لەو کردارە و بەرەنگاربوونەوەی هەیە. لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا هاوسەرگیری وەک پەرژینێک دادەنرێت بۆ ژنان لە زۆر ڕووەوە، بۆ گێچەڵپێکردنیش بە هەمان شێوە، ئەو ژنەی کە هاوسەرگیریی کردبێت تاڕادەیەک کەمتر گێچەڵی پێدەکرێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە بە هیچ شێوەیەک دووچاری گێچەڵ نابێتەوە، چونکە ئەگەر هەلێک برەخسێت بۆ گێچەڵپێکردن ئەوە ئەنجام دەدرێت. گێچەڵکردن بە ژنان هەندێ جار لەسەر بنەمای دیدگەی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ژنان و ڕۆڵە جێندەرییەکان لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا ئەنجام دەدرێت.

## تەوەری دووەم/ کاریگەری گێچەڵپێکردن لەسەر باری دەروونیی ژنان و توانای بەردەوامیدان بە کارکردن

گێچەڵپێکردن چەندین ئاسەواری نێگەتیڤی هەیە لەسەر ژنان، لە ڕووی دەروونییەوە دەبێتە هۆی شڵەژان و دڵەڕاوکێ و گۆشەگیری و هەستکردن بەشەرمەزاری و لەدەستدانی متمانە بە خود و چەندین ئاسەواری دیکە.(عامر، ٢٠١٨) لەم بارەیەوە نموونەی یەکەم دەڵێ((***ماوەیەکی زۆر خۆمم دەخواردەوە، واتێگەیشتبووم تاوانی خۆمە پیاوان گێچەڵم پێ دەکەن بۆیە بە هەموو شێوەیەک خۆمم لە کوڕ و کاری کراوە و تێکەڵاو بەدوور دەگرت، تا ئێستا سێ جار پیشەم گۆڕیوە، ماوەیەکیش بە یەکجاری تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ بووم، بەتایبەتی پاش مردنی هاوسەرەکەم و کە ناوم بوو بە بێوەژن، ئیدی باوەڕ و متمانەم بەخۆم نەما و خۆمم لەماڵەوە زیندانی کرد. گێچەڵپێکردنی بەردەوام لە هەموو شوێنێک و لە هەموو ئاستێکەوە کاریگەریی وێرانکاری لەسەرم هەبووە بەڕادەیەک ئارەزووی ژیانیشم نەما و تەنانەت هەوڵی خۆکوشتنیشم دا. من کەسێکی زۆر زیندوو و بەتوانا و سەرکەوتوو بووم، بەڵام گێچەڵپێکردنی پیاوان بەتایبەتی پاش هاوسەرەکەم و بێ پشت و پەنای حیزب و دەسەڵات بەیەکجاری ڕووخاندمی و گەیشتم بە لوتکەی نائومێدی، جا مرۆڤ لەژیان نائومێد بێت ئیتر کار و بەرهەمی چی؟...***)) بابەتی خۆبەتاوانبار زانین لەلایەن ژنانەوە، لە گرفتێکدا کە تییایدا خۆیان قوربانین پەیوەندیی بە ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی پیاوسالارییەوە هەیە, کە ڕۆڵی جێندەری بە شێوازێک دابەش دەکات ماف و هێز و دەسەڵات لە ژن دەستێنێتەوە و بە پیاوی دەبەخشێت، بەڕادەیەک کە قوربانی خۆی لا دەبێت بە تاوانبار. ئەم ستراکتۆرە سنووری بیرکردنەوەی بۆ بەها باوەکانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگە کێشاوە. ئەم خاڵە گێژاوە دەروونییەکە قووڵتر دەکات، ژن دەگەیەنێتە قۆناخی ترسناک وەکو گۆشەگیری و تەنانەت هەوڵی خۆکوشتنیش. لەولاشەوە پیاویش بەبێئەوەی ویژدانی بجوڵێت یان هەست بە هەڵە یان تاوان بکات بەردەوام دەبێت لەسەر گێچەڵپێکردنی خۆی چونکە وەکو تای تەرازوو وەهان، واتا ئەویش کە کۆمەڵگە

پشتیوانی دەکات ئیدی وادەزانێت کە مومارەسەی مافی خۆی دەکات و زۆری بۆ کەس نەهێناوە. نەبوونی پشتیوانیی یاسایی و کۆمەڵایەتی و هەستکردن بەتەنیایی بەرانبەر بە گرفتەکە دەبێت بە فاکتەرێکی دیکە بۆ ئاڵۆزبوونی باری دەروونیی ژنەکە. نموونەی دووەم قووڵتر لە بابەتکە دەڕوانێت، کە دەڵێت ***((زۆرجار، وەکو ژن هوشیاری سەبارەت بە گێچەڵپێکردن نییە، پیاوەکەش نازانێت ئەو کارەی خۆی دەیکات دەچێتە خانەی گێچەڵپێکردنەوە، بۆ نموونە، کچێکی لاوی تازە دەست بەکاربوو لامان هەیە، بەڕیوبەرە پەنجا ساڵییەکە بە وشەی ناشیرین و ناحەز بەدەنگی بەرز لەناو هەموو کارمەندان بانگی دەکرد و کاری وای پێدەکرد کە کاری ئەو نەبوو وەکو چاڵێنان و ئامادەکردنی خواردن... کاریگەریی دەروونیی خراپی گێچەڵکردن بەژنان دانەیەکە لە کۆمەڵێک دەرەنجامی خراپی گرفتەکە، لەوانە، ١- ژنەکە دەترسێت و هەست بە دڵەڕاوکێ و تاوان دەکات و متمانەی بەخۆی نامێنێت، بۆیە گۆشەگیر دەبێت، ٢- کە گۆشەگیر بوو مانای ئەوەیە لە کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دوور دەکەوێتەوە، ٣- ئەمە دەبێت بەهۆی ئەوەی باری ئابووریشی خراپ بێت، چونکە ناتوانێت کار و بەرهەمی وەکو کاتی ئاسایی بێت، ٤- دەنگی لە ناو نێوەندەکانی بڕیار و دەسەڵات کز و لاواز دەبێت، چونکە بەرهەمی نییە و لە ئاسۆی گشتیی کۆمەڵگە دوور کەوتوەتەوە، لەکۆتایشدا ٥- دوورکەوتنەوەی ژن لە ئاسۆی گشتی و بەرهەم و بڕیار کاریگەریی خراپی لەسەر هەموو کۆمەڵگە و لە هەموو بوار و ئاستەکانیش دەبێت...))***. کارکردنی ژنان لە دامودەزگای ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لەگەڵ ئەزموونکردنی دووبارە و زۆریی گرفتی گێچەڵکردن بە ژنان وایلێکردوون بیر لە ئەنجامەکانی لەسەر ئاستی دوورمەودا و لە سەر کۆمەڵگەش بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە باسی ڕەنگدانەوەی گێچەڵپێکردن لەسەر دەروون و کار و پیشەی خۆشیان دەکەن. هوشیاریی بەرانبەر بە گرفتی گێچەڵپێکردن لە هەردوو ڕەگەز لاوازە، کەمیی ئەزموون و شارەزایی ژنان و مەودای جیاوازیی تەمەن و شەرمکردن لەو پیاوانەی تەمەنیان گەورەترە، فاکتەرێکی دیکەیە بۆ بێدەنگبوونی ژنان. کاریگەریی گێچەڵپێکردن لەسەر باری دەروونیی ژنان بەگشتی بۆ سەر

کۆمەڵگەش شۆڕدەبێتەوە. نموونەی سێیەم باسی هەڕەشە و تۆقاندنی بەڕێوبەرەکەی بەمشێوەیە دەکات ((***من پەرستارم، ژینگەی کارەکەی ئێمە زۆر پیسە، دوکتۆر و نەخۆش و مورافیق و مەسئوول و دەوامی بەیانیان و شەوانیشمان هەیە، هەندێک لەوانەی پۆست و پلەیان هەیە تەنیا زۆر بۆ کچان ناهێنن بەڵکو لەشفرۆشیشیان پێ دەکەن، بۆیە هەمیشە لە دڵەڕاوکێداین لە نێوان ئەوەی خۆمان بپارێزین و لە کاریش لانەبرێین، و لەسەرمانە خۆمان بەرگری لەخۆمان بکەین، چونکە کەس پشتیوانیمان ناکات و هەرچی ڕووبدات بەتەنیا لەسەر خۆمان حیسابە***)). بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئیداری و پلەوپایە بۆ گێچەڵپێکردن و لەوەش زیاتر بازرگانیکردن بە جەستەی ژنان گرفتەکە قووڵتر دەکات. هەروەها کارکردنیش لە نەخۆشخانە پەیوەندیی بە خزمەتکردنی کەسانی لە چین و توێژ و ئاستی ئابووری و هوشیاری و دەسەڵات و هەموو ئەمانە بە تێکەڵی ژینگەیەکی ترسناک و مەترسیدار دەهێنێتە کایەوە. بەکاربردنی وشەی پیس بۆ ژینگەی کار مانای ئەوەیە ئەو کەسە هەمیشە لە دڵەڕاوکێ دەبێت و بەبەردەوامی ئەگەری گێچەڵپێکردن لە شوێنی کارەکەی خۆی بەدی دەکات. بەمەش ژن لەو کارەدا هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ دەبێت، کە ئەگەر گێچەڵی پێکرا چ کاردانەوەیەکی هەبێت، کە هەم کەسایەتی و ناوبانگی خۆی بپارێزی و هەم کارەکەی لەدەست نەدات. هەرچی نموونەی چوارەمە دەگێڕێتەوە ((***ئەوەی زۆر ئازارم دەدات ئەوەیە ئەم جۆرە گێچەڵپێکردنە مۆدێرنە لە ناو چینی نوخبە زیاتر لە خەڵکی ئاسایی دەبینرێت، بۆ نموونە، کاتێک کە ڕۆژنامەنووس بووم تێبینیم کردبوو کە ڕاپۆرتێک لە بازاڕ و لەناو خەڵکی سادە ئەنجام دەدەم گرفتەکانی گێچەڵپێکردن کەمتر بوو لەوانەی لەناو نوخبەی سیاسی، ڕۆشنبیری، بازرگانی و ئیداری و دەسەڵاتیش. لەبیرمە جارێکیان لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیایەکی زەبەلاح دیمانەم ئەکرد، پیاوەکە شەرمی نەدەکرد لە بەرزی ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی و بە ئاشکرا داوای ڕابواردن و سەفەری دەکرد و لە پێناوی ئەمانەشدا ئیغرای ماددی دەکرد، من زۆر نیگەران بووم و خەمم خوارد، کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە تێر گریام و پاشان بڕیارمدا چیتر لە ڕاگەیاندن کار نەکەم، من دەتوانم بڵێم زۆرترین و خراپترین جۆرەکانی***

***هەراسانکردن لە ڕاگەیاندندا هەیە. من دوو خوشکم هەن لەخۆم گەنجتر و جوانتریشن ئەوان هیچ گرفتی لەو شێوەیان نییە لەبەر ئەوەی هەردووکیان مامۆستان، بۆیە منیش لە ڕاگەیاندن دەرچووم))***. پۆلێنکردنی جۆرەکانی کێچەڵکردن و تێبینی ئەوەی گێچەڵپێکردن لە ناو چینی خەڵکی سادەدا کەمترە لەوەی لە ناو دەسەڵات و سیاسەت و ڕۆشنبیری، ئاماژەیەکی دیکەیە بەوەی تا ڕادەیەک خەڵکی سادە بەها و داب و نەریتی ڕێزگرتن لە ژنی کارکەریان پاراستووە، بەڵام ئەم بارە گرفتەکە چارەسەر ناکات, چونکە شوێنی کارەکەیان نائارام و پڕ لە مەترسییە بۆ ژنان.

کاریگەریی گێچەڵپێکردن لەسەر باری دەروونیی ژنان, لەوەدا دەردەکەوێت، کە ژنان لە سادەترین حاڵەتدا تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان و ترس و لاوازبوونی متمانە بەخۆبوون تەنانەت باری خراپتر و گۆشەگیریش دەبن و ناچار دەبن پیشە و کار و شوێنی کاریان بگۆڕن. گرفتی بابەتەکەش ئەوەیە، ڕێژەی گێچڵپێکردن بە شێوازێکی ترسناک بەربڵاوە و بە شێوازێکی نافەرمی بووە بە بابەتێکی ئاسایی یان گێچەڵپێکردنی مۆدێرن، یان مۆدەی باو. ئەم مۆدێلە بەها و نەریتی باو بە ئاسانی تێکدەشکێنێت و کەسیش لەسەری سزا نادرێت، نە ماددی و نەمەعنەویش، تەنیا خودی ژنان ئازاری پێوە دەکێشن و دەبێت بە بەربەست بۆ کار و پێشکەوتن و تەنانەت ژیانیشیان. ئەم بارودۆخە ژنانی چالاک دەگۆڕێت بۆ مرۆڤی لاوازی تۆقیو و ترساو، کە متمانەی بەخۆی نەماوە و خواخوایەتی کەس ناوی نەهێنێت. ئەمەش کرۆکی گرفتەکەیە کە بارێکی نالەبار بۆ مرۆڤی بێتاوان دروست دەکات و وای لێ دەکات وابزانێت خۆی تاوانبارە.

## تەوەری سێیەم/ چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی گێچەڵپیکردن لەلایەن ژنانەوە

زۆرجار ئەو ژنانەی لە شوێنی کارەکانیاندا دووچاری گێچەڵپێکردن دەبنەوە، بەرانبەر ئەو گێچەڵانەی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە و دەبێتەوە بێدەنگ

دەبن، و دەیشارنەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە بەڵگەهێنانەوە بۆ سەلماندنی ئەو گێچەڵپێکردنە کارێکی ئاسان نییە، و بۆ ئەوەی کارەکانیان لەدەست نەدەن و کێشە و گرفتی زیاتریان بۆ دروست نەبێت.(تشوت، ٢٠١٨) لەمبارەیەوە نموونەی یەکەم دەڵێ ((***سەرەتا کە گەنج بووم باسم نەدەکرد چونکە دەترسام و بەڕێوبەرەکەم هەڕەشەی نەقڵ کردنی لێدەکردم بۆ قوتابخانەی کوڕان، بەڵام ئەم بێدەنگییە تا سەر نەبوو و پاش پێنج ساڵ مامۆستایەتی، بەتەواوەتی نائومێدبووم لە سیستمی پەروەردەیی و ڕەفتاری ناپەروەردەیی بەڕێوبەر و مامۆستاکانیش، بڕیارم دا و پیشەکەم گۆڕی، دەستم بە کاری ڕاگەیاندن کرد، بەڵام لە ڕاگەیاندن زۆر خراپتر بوو لە شوێنەکەی دیکەم. ئەمجارەیان، تەمەنم گەورەتر بوو و ئەزموونیشم زیاتر بوو، بۆیە قەڵەمەکەم کرد بەچەکێک بۆ داکۆکی لەخۆم، ئەوکات و ئێستاش ژن ناوێرێت ئەم بابەتە لە دادگا چارەسەر بکات، چونکە یاسا تۆکمە و کارا نییە و هوشیاریی یاساییش کەمە، بۆیە ئەوەی گێچەڵی پێکردبام ئەمکرد بە وتارێک و دامدەبەزاند، بێگومان ناوی کەسم نەدەهێنا بەڵام کورد وتەنی ئەوەی خاوەنی بابەتەکە بوو لە فیکەی خۆی تێدەگەیشت، بەمەش توانیم تا ماوەیەکی باش خۆم بپارێزم***)). بیرکردنەوە لە بەرەنگاربوونەوە و خۆپاراستن بە شێوازی کردەوەی تاکگەرایی و پشتبەستن بە هێزی کەسایەتی خۆی یەکێکە لەو میکانیزمانەی ژنان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە بەکاریان بردووە. هەروەها بەکارهێنانی هێزی قەڵەم و نووسین بۆ هەمان مەبەست میکانیزمێکی زیرەکانەیە، کە هەمان پیشە و ژینگەی کار بۆ بەرژەوەندی کەیسەکەی خۆی دەقۆزێتەوە. بەمەیش دوو میکانیزم بەکار دەبەن، یەکەم، گۆڕینی کار و دووەم بەکارهێنانی پیشە (نوسین و ڕاگەیاندن) وەک چەکێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گێچەڵپێکردن.

سەبارەت بە باسی یاساکانی ڕێکخستنی ئەم بابەتە لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان و سەبارەت بە هەرێمی کوردستان نموونەی دووەم دەڵێ: ((***نەخێر یاسا نییە و ئەگەر هەشبێت، ئەوا کەس کاری پێ ناکات چونکە لەم بابەتەدا ژنان بێدەنگی هەڵدەبژێرن بۆ پاراستنی ناوی خۆیان و خۆپاراستن لە گەورەکردنی گرفتەکە، چونکە ئەوان دەزانن لە کۆتاییدا لە دیدگای کۆمەڵگەوە هەر خۆیان***

***تاوانبار دەردەچن، بەڵام سەبارەت بە خۆم، ئەوا من بێدەنگ نەبوومە و بە شێوازی خۆم بەرەنگاریی بوومەتەوە و لە شوێنی خۆی وەڵامی کەسەکەم داوەتەوە و بە شکاتکردن هەڕەشەم کردووە و دواتر کەسەکە نەیوێراوە توخنم بکەوێت***)). هەڕەشەی شکات و بڵاوکردنەوەی بابەتەکە میکانیزمێکی دیکەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گێچەڵپێکردن. ئەم میکانیزمە ناچێتە قاڵبی ئاشکراکردن و باسکردنی گێچەڵەکە چونکە هەڕەشەکە تەنیا بەدەمە، بەڵام ئەمیش میکانیزمێکی بەسوود بووە، چونکە پیاوەکە سڵی لێکردۆتەوە و وازیهێناوە لە گێچەڵپێکردنی ژنەکە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم میکانیزمە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەهۆی ئەوەیە، کە نە یاسا و نە کۆمەڵگەش پشتیوانیی ژنان ناکەن، بۆیە یان دەبێ تەسلیم بن یانیش وەک تاکە کەسێک گرفتی خۆیان چارەسەر بکەن. لێرەوە دەبینین دۆخی ژنانی گێچڵپێکراو چیتر تاوانباری نییە، بەڵکو قوربانییە و داکۆکیش لە خۆی دەکات. نموونەی سێیەم دەگێڕێتەوە ((***جارێک بەرپرسی بەشەکەم زۆر هەوڵی لەگەڵم دەدا و هەر وازی نەدەهێنا، منیش لە دڵەوە زۆر دەترسام، بەڵام بەتوندی جوابم دەدایەوە، ئیتر ڕۆژێک هەڕەشەی کردم وتی ئەگەر بەقسەم نەکەیت حەیات ئەبەم، بەڵام من هەر بەقسەم نەکرد و پاشان هەر شەڕی پێ دەفرۆشتم تا ئەو ڕادەیەی بۆ بەشێکی دیکە منی گواستەوە، پاشان خوا ڕەحمی بە من کرد خۆی کرا بە بەڕێوبەری گشتی و لای ئێمە نەما منیش ڕزگارم بوو. گرفتەکە ئەوەیە کە نابێ و ناوێرین قسە بکەین و شکات بکەین، چونکە لە هەموو لایەکەوە خۆمان تاوانبار دەکرێین***)). هەرچەندە ژن بە توندیش وەڵامی گێچەڵپێکردن بداتەوە، بەڵام کاتێک ئەم نموونەیە بە دەم دەڵێ بەتوندی بەرەنگاربوومەتەوە و وەڵامم داوەتەوە، بەڵام بە کردەوە ئەوەشمان نیشان دەدات کە بەرپرسەکە سزای داوە و بۆ بەشێکی دیکە گواستویەتییەوە و هەر شەڕی پێ فرۆشتووە تا ئەو کاتەی خۆی پۆستی وەرگرتووە و لەو شوێنە نەماوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەگەر گوێڕایەڵ نەبێت، ئەگەری ئەوە هەیە هەر خۆی سزا بدرێت. لێرەدا ترس و دڵەڕاوکێ هەمیشە لەگەڵ ژندا دەبێت تا ئەو کاتەی بەهەر هۆیەکەوە بێت لە ژێر فشاری کەسی خاوەن دەسەڵاتی ئیداری دەردەچێت، لەگەڵ ئەمەش خۆبەدەستەوە نەدان و بەرگەگرتنی شەڕپێفرۆشتن و

دروستکردنی گرفت بۆ ژن لە کاردا و مانەوە و بەردەوامبوون لەسەر کار، میکانیزمێکی دیکەی خۆپاراستنە کە ژنان بۆ داکۆکیکردن و بەردەوامبوون لە کاردا بەکاریان بردووە. نموونەی چوارەم دەڵێ: ((***یاسا هەیە بۆ سزادانی ئەو کەسەی گێچەڵ بە ژنان دەکات و جاری وا هەیە سزاکەی دەگاتە بەند کردنیش، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کەس کار بە یاسا ناکات و ژنی کورد جورئەتی ئەوەی نییە بەڵگە کۆ بکاتەوە و بچێتە دادگا. بەش بەحاڵی خۆم، لەو شوێنە وەڵام دەدەمەوە و جاری وا هەبووە بە زللە لە خەڵکم داوە کە گێچەڵیان کردووە، هەروەها لە شوێنی کارەکەم هەموو نێرینەکانم تێگەیاندووە مۆبایلم وا لێکردووە هەموو تەلەفۆن و نامە و هەرچی تێدایە تۆماری دەکەم وەک بەڵگە بەکاری دێنم، بەمەیش ناوم بە کچێکی موحافیزکار دەرچووە کەس ناوێرێت توخنم بکەوێت، بەڵام، ئەم کاردانەوەیەم لە شوێنی کارەکەم دووچاری گرفتی دیکەم دەکات ئەوەیە شەرم پێ دەفرۆشن لەوەی نایەڵن لە کارەکەمدا سەرکەوتوو بم و پێشکەوم...***)). میکانیزمی داکۆکیکردن لەخۆ بە لێدان و توندوتیژی و فەزحکردنی پیاوی گێچەڵکار بۆ ئەوەی تەمێ بێت و کارەکەی دووبارە نەکاتەوە ڕەنگە میکانیزمێکی سەرکەوتوو بووبێت لە کاتێکدا ئەگەر یاساش هەبێت بۆ سزادانی کەسی گێچەڵکار، بەڵام ئەو یاسایە کارا نەبێت، ئەگەر کاراش بێت، ئەوە هیچ ژنێک بوێریی ئەوەی نییە ئەگەر بەڵگەشی لەبەردەستدا بێت پەنا بۆ یاسا ببات، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەر خۆی خەتابار دەکرێت. هەروەها بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ خۆ پاراستن میکانیزمیکی گونجاوە، لەلایەکەوە ئارامی بە ژنان دەبەخشێت، کە چیتر لە هەمان ئەو سەرچاوەیە دووچاری گێچەڵپێکردن نابنەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە و بە شێوازی دیکە گرفتیان بۆ دروست دەبێت لە کارکارکردندا و ڕێگەی پیشکەوتنی پیشەییان ئاسان نابێت.

گێچەڵکردنی پیاوان بە ژنان لە شوێنی کار بووە بە گرفتی ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن. بەرەنگاربوونەوەی ژنان بۆ گێچەڵپێکردن زۆرجار دەبێت بە فاکتەری سنووردارکردنی تواناکانیان بۆ پیشکەوتنی پیشەیی. سەرەتا ژنان دووچاری باری دەروونیی ئاڵۆز دەبن وەکو ترس و دڵەڕاوکێ و پاشان میکانیزمی جۆراوجۆر بەرهەم دێنن بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەهەمان کاتیشدا

بەردەوامبـوون لەسـەر کـار. میکانزمەکـان کـارا و جیـاوازن بەڵام تێکڕایـان پشتبەسـتوون بە هێـزی تـاکە کەس و کەسـایەتی خـودی خۆیـان، لەبەرئەوەی دڵنیان یاسا و کۆمەڵگە پشتیوانییان ناکات و بگرە باری خۆیان لە قوربانییەوە دەگۆڕێت بە تاوانبـار. هۆکـاری سـەرەکیی ئەم دۆخە ئـاڵۆزە ئەوەیە کـۆمەڵگەی پیاوسـالاری ڕۆڵە جێنـدەرییەکانی بەشـێوازێک دابەش کـردووە لە بنەڕەتـدا دەسەڵاتی لە ژن سەندووەتەوە و بە پیاوی بەخشیوە، جا ئەم دەسەڵاتە بەهێزتر دەبێـت کاتێـک پۆسـت و پلەوپـایەی ئیـداریش وەردەگـرن. هەمـوو فاکتەرەکـان پێکەوە ژنانیان خستووەتە بەرانبەر دۆخێکەوە کە چۆن بتوانن خۆیان بگوێزنەوە لە دۆخی قوربانی و تاوانبار بۆ دۆخێکی دیکە کە بتوانن هەردوو کار و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بپارێزن.

**ئەنجامەکان:**

ئامانجی ئەم توێژینەوە دیاریکردنی کاریگەریی جۆر و شـوێنی کـارکردنی ژنانە لەسەر دووچاربوونیان بە گێچەڵپێکردن و شێوازی ئەو گێچەڵپێکردنـە، کـە بەپێـی شـوێنی کارەکـەوە ڕووبەڕووی دەبنـەوە، هەروەهـا کاریگـەریی گێچەڵپێکردن لەسەر باری دەروونیی ژنـان و بـەردەوامبوونیان لـە کـارکردن، و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو گێچەڵپێکردنە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گێچـەڵکردن بـە ژنـان لـە شـوێنی کـاردا دیاردەیـەکی بـاوە و لـە پیشـەیەک بـۆ پیشـەیەکی دیکـە تـەنیا بـە ڕێـژە دەگۆڕێت، ڕێژەی گێچەڵپێکردن لەو کارانە زیاترە کە جۆرێک لە کرانەوە لەنێوان کارمەندەکان دەخوازێت. دیاردەکە بریتییە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی جێندەری و شـێوازی دابەشـبوونی ڕۆڵـی جێنـدەری لە کـۆمەڵگەدا. ئـەو دەسـەڵاتەش لـە بنەڕەتدا کۆمەڵگەی پیاوسـالاری لـە ژنـی سـەندووەتەوە و بـە پیـاوی بەخشـیوە، ئەمـەش سروشـتی پێکهاتـەی کۆمەڵگەی پیاوسـالارییە کـە لـە سـنووری هـزر و

بیرکردنەوەی نێر و مێدا چەسپیوە و تەواوکەری یەکترە. دەسەڵاتی دووەم بریتییە لە دەسەڵاتی ئیداری کە لەسەر بنەمای هەمان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی زۆرینەی بەڕێوەبەرەکان پیاون، بەمەش پیاوەکان چ خاوەنی دەسەڵاتی ئیداری بن یاخود جیندەری ئەوا لە هەردوو باردا گێچەڵپێکردن ئەنجام دەدەن، لێرەدا قوربانی دەبێتە تاوانبار ئەگەر هات و باسی گێچەڵپێکردنی کرد، بەمەش ژنان دەکەونە نێوان دوڕیانێک لەنێوان باسکردنی بابەتەکە و ئەگەری نەبوونی پشتیوانیی یاسایی و کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە یاخود بێدەنگی و بەردەوامبون لە کاردا.

کاریگەریی گێچەڵپێکردن لەسەر ژنان فشارێکی دەروونییە لەترس و دڵەڕاوکێوە دەست پێدەکات تا دەگاتە خەمۆکی، بەڵام لە کۆتاییدا ژنان شێوازێکی تایبەت لە خۆگونجاندن هەڵدەبژێرن بۆ پاراستنی هەردوو کەسایەتی و کارەکەیان. واتە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە ناچاری و لەبەر نەبوونی پشتیوانی یاسایی و کۆمەڵایەتی توانیویانە شێوازێکی تایبەت لە کردار دابهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گێچەڵپێکردن لەسەر ئاستی کەسی، بە شێوەیەک هەم بتوانن لە کارکردندا بەردەوام بن و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بکەن، بەمەش ژنان دۆخێکی نوێ بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، کە نە قوربانین نە تاوانبارن، بەڵکو ڕزگاربوو. بەڵام ئەو هێز و وزەی کە ژنان لە بەرەنگاربوونەوەی گێچەڵپێکردن خەرجی دەکەن بەربەستە لەبەردەم پەرەسەندن و پێشکەوتنیان لە سەر هەردوو ئاستی ئاسۆی تایبەت و ئاسۆی گشتیی کۆمەڵگە.

**سەرچاوەکان:**


- بو ضرغم, صابر(٢٠٠٠), خطوات البحث الاجتماعي, دار الآفاق الجديدة, بيروت.
- جيدنز، انتوني(٢٠٠٥)، *علم الاجتماع*، ت.د. فايز الصايغ، المنظمة العربية للترجمة, بيروت.
- شوانی،محمد(٢٠١٥). *سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا*، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عبدالمؤمن، على معمر(٢٠٠٨)، البحث في العلوم الاجتماعية، دار الكتب الوطنية- ليبيا.
- ملحم، سامى محمد(٢٠٠٢)، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
- الوردى، على(٢٠٠٥)، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، دار الحوراء، بغداد.
- الوردى، على(٢٠٠٦) *فى النفس والمجتمع العراقى*، دار السعدون، بغداد.
- يتون, كمال عبدالحميد(٢٠٠٦)، *تصميم البحوث الكيفية ومعالجة بياناتها الكترونيا*، عالم الكتب، القاهرة.
- عمر، معن خليل(٢٠١١), ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: زیرەک ئەحمەد رحمان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- **الشرابي، سلام نجم الدين(٢٠٠٦)، التحرش الجنسي في العمل، عل من يقع اللوم؟ دواجار بينين ٢٠١٨/٦/٥** http://www.lahaonline.com/articles/view/11454.htm
- **طعمة، امال(٢٠١٨)، ثقافة التحرش الجنسي، دواجار بينين ٢٠١٨/٦/٥** http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=407100&r=0

- زياد،بسمه(٢٠١٨)، اسباب وخلفيات ظارعة التحرش الجنسي وسبل معالجتها. دواجار بينين ٢٠١٨/٥/٢٩
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=591812
- هنري, هاني(٢٠١٧), النظرية النسوية, نظرة جديدة على التحرش الجمسي، دواجار بينين ٢٠١٨/٦/١٩
http://www.aucegypt.edu/ar/news/stories/النظرية-النسوية-نظرة-جديدة-على-التحرش-الجنسي
- حسن،رشا محمد(٢٠١٧)، غيوم قي سماء مصر، التحرش الجنسي من الممارسات الكلامية حتى الاغتصاب- دراسة سوسيولوجية، دواجار بينين ٢٠١٨/٦/١٩
file:///C:/Users/Media/Desktop/غيوم%٢٠في%٢٠سمار%٢٠مصر.pdf
- المعمورى، نبراس(٢٠١٣)، ظاهرة التحرش الجمسي بالنساء في العراق، دوا جار بينيين, ٢٠١٨/٦/٢٥
- http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=347497
- منصور، بيجول(٢٠١٥) نظرة المجتمع لضحية التحرش، دواجار بينيين ٢٠١٨/٦/٢٥
- http://www.ahram-canada.com/42540/
- سامي، لميس(٢٠١٥)، كيف يمكن ان تندمج الفتاة المتحرش بها مع مجتمعنا من جديد، دواجار بينيين ٢٠١٨/٦/٢٥

- http://www.sayidaty.net/node/339621/أسرة-ومجتمع/خصوصيات/كيف-يمكن-أن-تندمج-الفتاة-المتحرش-بها-مع-مجتمعها-من-جديد؟#photo/1
- **القاضي، فراس(٢٠١٨)،** التحرّش.. مجتمع لا يرحم وقانون لا يحمي أرباب الأعمال.. إما علاقة وإما مضايقات وإقالة... دواجار بينين ٢٠١٨/٦/٢٥
- http://tishreen.news.sy/?p=154271
- صولى، حنان(٢٠١٨)، حمايه المراه العامله من التحرش الجنسى، دواجار بينين ٢٠١٨/٧/٣
- http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=525328
- السيسى، محمد مجدى(٢٠١٤)، التحرش بالنساء، دواجار بينين ٢٠١٨/٨/١٠
- https://www.youm7.com/story/2014/6/11/علماء-نفس-يرصدون-أسباب-التحرش-وطرق-علاجه-ويؤكدون-لا-يعكس/١٧١٧٧٢٢

- خيرى، امينه(٢٠١٦)، التحرش فى اماكن العمل يدعمه العيب، وتسكت عنه النساء، دواجار بينين ٢٠١٨/٨/١١
http://www.alhayat.com/article/748232/التحرش-في-أماكن-العمل-يدعمه-العيب-وتسكت-عنه-نساء
- تشوت، خديجه(٢٠١٨)، التحرش الجنسى فى اماكن العمل، دواجار بينين ٢٠١٨/٨/١٠
https://www.hespress.com/femme/378624.html

- الرفاعي، مها(٢٠١٤), التحرش كأداة لفرض هيمنة الرجل، دواجار بينين ٢٠١٨/٨/١٥، http://swnsyria.org/التحرش-كأداة-لفرض-هيمنة-الرجل/
- عامر، عادل(٢٠١٨)، التحرش الجنسي وتاثيراته على المجتمع، دوا جار بينين ٢٠١٨/٨/٢٥ http://mediacreativity.org/article/2018/08/23/913-التحرش-الجنسي-وتأثيراته-علي-المجتمع./-مقالات
- زيباري، عبدالحميد(٢٠١٠)، التحرش الجنسي باماكن العمل في كوردستان، اخر قراءة ٢٠١٨/٥/٢٢ https://www.iraqhurr.org/a/1919663.html

**ملخص:**

تهدف هذه الدراسة الموسومة (**التحرش بالنساء في مكان العمل و علاقته بنوع العمل/ دراسة سوسيولوجية ميدانية في مدينة اربيل**) الى معرفة تأثيرات نوع وطبيعة عمل النساء في مدى تعرضهن للتحرش واثر هذا التحرش على حالتهن النفسية وكيفية مواجهتهن له. وقد تم اعتماد المنهج الكيفي، واجراء المقابلة شبه المقننة. اما مجتمع البحث هو مركز محافظة اربيل، وعينة البحث تكونت من (٤) نساء من اربع وظائف مختلفة كالتالي(اعلامية، موظفة في احدى منظمات المجتمع المدني، ممرضة، عضوة في حزب سياسي). اظهرت نتائج الدراسة ان التحرش بالنساء هي ظاهرة تتواجد في كافة الوظائف ولكن بنسب مختلفة بين وظيفة واخرى. التحرش هو ضغط نفسي على النساء يؤدي الى القلق والتوتر في موقع العمل وحول العمل، الا ان النساء يقمن باختيار نمط جديد من المواجهة و يحافظن على شخصيتهن و عملهن في الوقت ذاته بحيث تتمكن من الاستمرار في العمل والمحافظة عل القيم الاجتماعية السائدة في المجتمع الكوردي.

**Abstract:**

This research examines the influence of harassment on identifying gender roles for women that is how could harassment could influence women’s psychology and mental status and their work pursuit at workplace. The research further examines the effects of harassment on women at workplace, including the implications for women to proper face and deal with harassment. The research applies the qualitative method of data collection, using semi-structured interviews with a targeted sample of interviewees. The sample interviewees consist of four women who are selected form different professions in Erbil city. The research concludes that harassment could be found in all types of workplaces in all sectors of work, but its intensity varies according to the gender roles and positions that women fall under. Despite the psychological pressure of harassment, eventually women tend to adapt to a special form of coping mechanism to deal with this problem, so that they can pursue and continue to attend to their work and still maintain normal social values.